**بێدەنگی.... ئازاد محمود**

ئەمشەو بێدەنگیەکەت
مۆمی سێیەم ساڵەی کوژاندەوە.
کوژاندنەوەی هەر مۆمێک
سێ سەدو شەست و پێنج
بیروخۆزگەمی تواندەوە.
عەجەب!
کاروانی بێدەنگیەکەت بۆ کوێ؟ تاکەی بەردەوامە؟
ئەی نازانی
بێدەنگیەکەت...
سەمفۆنیای ئازارەو بەنۆتەی بیرەوەریەکان
لەسەر لەوحەی دەروونم
نوسراوەتەوە؟!
نازانی بێدەنگیەکەت...
دەروازەی فەنابوونی هەستە پیرۆزەکانەو
دەردو ناسۆر کۆدەکاتەوە؟!
بەڵام ئەفسوس
چیم لەدەست دێ لەوەی زیاتر کە بڵێم
بێدەنگ بە ئازیز...
دڵنیابە رۆژگار رۆژێک دەهێنێ
بونی دووکەڵی سوتانی رووحم
بێدەنگیەکەت بشکێنێ.

azad2_online@yahoo. com